## پردەکانی پشتەوەمان رووخاون، رێگای پاشەکشەمان نەماوە، تەنها رێگای پێشڕەویمان بۆ ماوەتەوە!

# وتەی کۆتایی پێهێنانی کۆنگرەی سێیەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق لەلایەن رێبوار ئەحمەدەوە

## لەلایەن ریبوار ئەحمەدەوە

هاورێیان!

بە بۆنەی کۆتایهاتنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەوە پیرۆزبایتان لی دەکەم. بەرپاکردنی ئەم کۆنگرەیەو ئەم کۆبونەوەیە لەم هۆلەدا بۆ هەلسەنگاندنو لیکدانەوەی هەلومەرجی کارەساتبارو پر ئالوگۆری ئیستاو خستنەرووی ریگاچارە بۆی، خۆی لە خۆیدا کاریکی عەزیم بوو.

لە راستیدا بزووتنەوەی ئیمەو حیزبی ئیمەو ئەم کۆمەلگایە پیویستی حەیاتیان بەم کۆنگرەیە هەبوو، پیویستی گەورەیان بەم رادەیە لە یەکدەستی ئیمە هەبوو کە ئەمرۆ نیشانماندا، زۆر بە سادەیی لەبەر ئەوەی ئەو ریگاچارە ئینسانیەی کە لەم کۆنگرەیەدا خرایەروو و کرا بە نەخشەو سیاسیەتو بەرنامەی کار، تەنها بەندە بە ئیمەوە نەك هیچ هیزیکی دیکە، جگە لە حیزبی ئیمە هیچ ئومیدو ئاسۆیەکی دیکە نیە بۆ دەرهینانی ئەم کۆمەلگایە لەو کارەساتەی بەسەریدا سەپینراوە.

ئەو هەموو کۆنگرەو کۆبونەوانەی رۆژانە بەرپا دەکرین، هەموو بە باری قولکردنەوەی مەحنەتەکانی ئیستادا پال بە کۆمەلگاوە دەنین، هەر هەموویان پال بە کۆمەلگاوە دەنین بۆ سەر بورکانی جەنگو کوشتو کوشتاری قەومیو کۆنەپەرستانە لە پیناو مسۆگەرکردنی بەشی ئەو تاقمە کۆنەپەرستانە لە دەسەلاتی سیاسی. بەلام ئەم  کۆنگرەیەو ئەم حیزبە تاقە ئومیدی ئەم کۆمەلگایەیە بۆ دەربازکردنی لەو مەترسیە گەورانە.

هاوریان!

سەرباری هەموو کەمو کوریەکانمانو هەموو ئەو رەخنە پیشرەوانەی ئەمرۆ لە بارەی حیزبی خۆمانەوە خستمانەروو، بەلام بەراستی ئیمە خاوەنی حیزبیکی عەزیمین. هەر بۆیە سەرجەم هیزە کۆنەپەرستەکانی سەر ئەم ساحەیە بە رقو کینەوە تیَی دەروانن. ئەم حیزبە لە نیو ئەو تۆفانە گەورەیەدا کە بەرپاکراوە دەستی هاوچارەنوسی هاولاتیانی ئەم سەر تا ئەوسەری کۆمەلگای ناوەتە ناو دەستی یەك. حیزبی ئیمە تاقە حیزبیکە لەم کۆمەلگایەدا کە کارکتەریکی جیهانی فراوانی هەیە.

دوژمنان هەموو رۆژیك سویند بەسەر بچوکی حیزبی ئیمە دەخۆن، لە کوردستانو بەغدادو بصرە، لە وولاتانی ئەوروپایی، لە ئەمریکاو کەنەداو ئوستراليا، هەر ئەمەمان پیدەلینەوە. بەلام هەتا ئەگەر گریمان ئەم قسەیەی ئەوان راست بوایە، ئەگەر ئەو هەموو بەشانەی کە ئەوان لە هەموو جیگا پیَی دەلین بچوك بیخەینە سەریەك، بەرئەنجامەکەی دیسان هیزیکی عەزیمی لی پیکدیت. کەوایە خودی قسەی دژمنانمان خۆی شایەتیە لەسەر عەزیمی حیزبی ئیمە. بەلام ئەمە هشتا کافی نیە، ئیمە دەبیَ خالە لاوازەکانی خۆمان پربکەینەوە، پیویستە حیزبی ئیمە بگۆریَ بە هیزیك کە بتوانیَ ئەو ئامانجانە بەدیبهینیَ کە دیاریمان کردوەو لە پیش خۆمان دامانناوە.

ئەمرۆ زۆرمان قسە کرد لەسەر گرفتو کۆسپەکانی بەردەممان، هەروەها سیاسەتو بەدیلەکانی خۆمان دیاری کرد، بەلام لە پیش هەموانەوە، ئەوە دەکەویتە سەرشانی ئیمە ئامادەبوانی ئەم کۆنگرەیە بۆ ئەوەی وەکو هیزیکی پیشرەو لە پیکهینانی ئالوگۆری پیویست بەسەر حیزبماندا دەور بگیرین، مسئولیەتی وەلانانی کەمو کوریەکان پیش هەمووان دەکەویتە ئەستۆی ئیمە کە لەم هۆلەدا   دانیشتوین، چاوەروانی ئەوەیە کە دەوری پیشرەوانە بگیرین لە جیبەجیَ کردنی ئەو سیاسەتو نەخشانەی کە خۆمان  پیَی پابەند کرد.

ئومیدی من ئەویە کە دوای ئەم کۆنگرەیە بە باوەرو ئامادەییو شوروشەوقیکی گەورەوە پی بنینە مەیدانی دەورەیەکی تازە لە هەلسورانەوە. راستە ئیمە لەگەل کۆسپو ریگری گەورە بەرەورووینو لە نیو قۆناغیکی سەختدا کار دەکەین، راستە هەم سەرکەوتنو هەم شکست هەردووکی ئیحتمالە، بەلام ئەوەی کە کام لەو ئیحتمالانە واقعیەت پەیدا دەکەن، تا رادەیەکی زۆر بەندە بە ئیرادەی خۆمانەوە. ئەگەر بە ئیرادەیەکی بەهیزەوە کار بکەین، زەمینەی سەرکەوتن لە ئارادایە، نە تەنیا ئەمە بەلکو وەکو منصور حکمت دەلی پردەکانی پشتی سەرمان رووخاوە، ریگای پاشەکشەمان نەماوە، تەنها ریگای پیشرەویمان بۆ ماوەتەوە.

**بژی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

**بژی سۆسیالیزم**